سم الله الرحمن الرحيم

# چارەسەری تووڕە بوون

پرسیار: مرۆڤ چۆن دەتوانێت زاڵ بێت بەسەر ئەعصابیدا؟ من زۆر بێزار بووم وە کاتیێ تووڕە دەبم ئەو جێگایە بەجێ دەهێڵم وە زۆر لە زیکرەکانم خوێندووەو وتوومە (لاحول ولا قوە الا بالله) بەلاَم بێ سوود بوو. چارەم چیە؟

## وەلاَم لە لایەن شێخ محمد صالح المنجد:

الحمد لله

تووڕە بوون یەکێکە لە هاندانەکانی شەیتان. کە بە هۆیەوە مرۆڤ دەکەوێتە چەندان تاوان و بەلاَوە کە تەنها خوا دەزانێ چەندە گەورەیە. لەبەر ئەوە لەشەریعەتی ئیسلامدا زۆر بە فراوانی باس لەم رەوشتە بەدە کراوە, وە لە سوننەتی پێغەمبەردا (ﷺ) چەندان چارەسەر ئاماژەی پێ کراوە بۆ رزگار بوون لەم دەردەو سنووردانان بۆ شوێنەوارەکانی, لەوانە:

### 1- پەنا گرتن بە خوا لە شەیتان :

عن سليمان بن صرد قال : كنت جالسا مع النبي (ﷺ)، ورجلان يستبان ، فأحدهما احمر وجهه وانتفخت أوداجه ( عروق العنق ) فقال النبي صلى الله عليه وسلم : « **إني لأعلم كلمة لو قالها ذهب عنه ما يجد ، لو قال أعوذ بالله من الشيطان ذهب عنه ما يجد** » رواه البخاري ، الفتح 337/6 ومسلم/2610 .

واتە: سولەیمانی کوری صرد دەفەرموێت: من لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) دانیشتبووم دوو پیاو جوێنیان دەدا بەیەکتری, یەکێکیان دەم و چاوی سوور هەڵگەڕابوو وە رەگی پەنا ملی هەستابوو. جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: من ووشەیەك دەزانم ئەگەر ئەو کابرایە بیڵێت تووڕە بوونەکەی نامێنێت, ئەگەر بڵێ أعوذ بالله من الشيطان الرجيم ئەو کەف و کوڵەی دەنیشێتەوە. وە دەفەرموێت: « إذا غضب الرجل فقال أعوذ بالله ، سكن غضبه » صحيح الجامع الصغير رقم 695 .

واتە: ئەگەر کەسێك تووڕە بوو وتی: أعوذ بالله, تووڕە بوونەکەی دەنیشێتەوە.

### 2- بێ دەنگ بوون:

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: « **إذا غضب أحدكم فليسكت** » رواه الإمام أحمد المسند 329/1 وفي صحيح الجامع 693 ، 4027 .

واتە: ئەگەر کەسێك لە ئێوە تووڕە بوو با بێ دەنگ بێت.

ئەویش لەبەر ئەوەی کەسی تووڕە بوو لە زۆربەی جار ئاگای لە خۆی نامێنێت و هەستی لەدەست دەدات و چەندان ووشە بەکاردێنێت کە لەوانەیە-پەنا بە خوا- کوفرو نەفرەت کردن و تەلاَقی تێدا بێت و ماڵی خۆی کاول بکات, یان

جوێن و قسەی ناشیرین بەکاربێنێت و دوژمنایەتی بۆ خۆی دروست بکات. بەکورتی: بێ دەنگ بوون چارەسەری هەموو ئەم بەلاٌیانەیە.

3- ئارامی (السكون) : پێغەمبەری خوا (ﷺ)دەفەرموێت: « **إذا غضب أحدكم وهو قائم فليجلس ، فإن ذهب عنه الغضب وإلا فليضطجع** » . واتە: ئەگەر یەکێك لە ئێوە تووڕە بوو وە بە پێوە بوو با دابنیشێت, ئەگەر تووره بونەکەی نیشبەوە باشە گەر نا با رابکشێت.

راوی ئەم فەرموودەیە ئەبوو زەرە رەزای خوای لێ بێت بەسەر هاتێکی لەم بارەیەوە بەسەر هاتووە: جارێکیان ووشترەکەی ئاو دەدا لەسەر حەوزێك کۆمەڵە کەسانێك هاتن و ووتیان کێ دەچێت چەند تاڵێکی قژی هەڵکێشێت؟ پیاوێکیان ووتی من, ئەوەبوو چوو حەوزەکەی شکاندا بۆیو تێکیدا, واتە ئەبو زەر وای دەزانی کابرا یارمەتی دەدا لە ئاودانی ووشترەکەیدا لە حەوزەکە بەلاٌم ئەو خراپەی کردو بووە هۆی رووخاندنی حەوزەکە.

جا ئەبو زەر بە پێوە بوو دانیشت پاشان راکشا, پێیان ووت ئەی ئەبا زەر بۆچی دانیشتیت پاشان راکشایت؟ ئەویش فەرمووی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت:...........فەرموودەکەی باس کرد.... **وذكر الحديث بقصته في مسند أحمد 152/5 وانظر صحيح الجامع رقم 694** .

وە لە ریوایەتێکدا هاتووە کە ئەبو زەر لەسەر حەوزێك ئاوی ولاٌغەکەی دەدا کابرایەك تووڕەی کرد ئەویش دانیشت .... **فيض القدير ، المناوي 408/1** .

لە سوودەکانی ئەم رێنماییەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) رێگری کردنە لە ئەنجامدانی هەڵسوکەوتی ناشیاو چونکە لەوانەیە لەو کاتەدا ئازاری خەڵك بدات و لە خەڵك بدات و بگرە بکوژێت- وەك دواتر باسی دەکەین- یان لەوانەیە ماڵ و سامان و شتی تر بەفیڕۆ بدات, لەبەر ئەوە ئەگەر دابنیشێ دوردەکەوێتەوە لە هەڵچونی خوێن و ئەگەر دانیشت دوورتر دەبێت لە ئەنجامدانی تەسەروفاتی خراپ و کرداری ئازاردەر.

**العلامة الخطابي - رحمه الله - لە شەرحەکەدا لەسەر أبي داود دەفەرموێت:** ( القائم متهيء للحركة والبطش والقاعد دونه في هذا المعنى ، والمضطجع ممنوع منهما ، فيشبه أن يكون النبي (ﷺ) إنما أمره بالقعود والاضطجاع لئلا يبدر منه في حال قيامه وقعوده بادرة يندم عليها فيما بعد . والله أعلم **سنن أبي داود ، ومعه معالم السنن 141/5**.

واتە: کەسێك بە پێوە وەستابێت ئامادەیە بۆ ئەنجامدانی جوڵەو وەشاندن بەلاٌم دانیشتوو وانیە, وە راکشاویش بە هەمان شێوە, جا ئەگونجێت فەرمانەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە دانیشتن و راکشان بۆ ئەوە بێت تا نەبا لەکاتی بە پێوە بوون و دانیشتنی کارێکی لە دەست روو بدات کە لە پاشە رۆژدا لەیی پەشیمان بێت... والله أعلم.

4- پاراستنی ئامۆژگاریو وەسیەتەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ): **عن أبي هريرة رضي الله عنه « أن رجلا قال للنبي صلى الله عليه وسلم أوصني قال لا تغضب . فردد ذلك مرارا ، قال لا تغضب » رواه البخاري فتح الباري 456/10** .

واتە: پیاوێك بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ی فەرموو: وەسیەت و ئامۆژگاریم بکە. فەرمووی: تووڕە مەبە, چەند جارێك پرسیارەکەی دوو بارە کردەوە بەڵام پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەر دەیفەرموو: تووڕە مەبە.

**وفي رواية قال الرجل : ففكرت حين قال النبي (ﷺ)، ما قال فإذا الغضب يجمع الشر كله.** **مسند أحمد** 373/5 .

واتە: لە ریوایەتێکدا کابرا وتی: جا بیرم کردەوە لەوەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) تەنها بۆیە وای فەرمووە چونکە تورە بوون هەموو خراپەیەکی تێدا کۆبووەتەوە.

-5 « **لا تغضب ولك الجنة** » **حديث صحيح : صحيح الجامع** 7374 . **وعزاه ابن حجر إلى الطبراني ، انظر الفتح** 465/4.

واتە: تووڕە مەبەو بەهەشت بۆ تۆیە.

بیرکردنەوە لەو پاداشتانەی کە خوای گەورە ئامادەی کردووە بۆ ئەو کەسانەی کە خۆیان لە هۆکارەکانی تووڕە بوون دەپارێزن و تێدەکۆشن بۆ خۆڕاگرتن و گەڕاندنەوەو قوتدانەوەی تووڕە بوونەکەیان لە گەورەترین یارمەتی دەرە بۆ کوژاندنەوەی ئاگری تورِە بوون. وە لەو پاداشتە گەورانەی کە لەسەر ئەمە هاتووە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت:« **ومن كظم غيظا ، ولو شاء أن يمضيه أمضاه ، ملأ الله قلبه رضا يوم القيامة** » **رواه الطبراني** 453/12 **وهو في صحيح الجامع** 176 .

واتە: هەرکەسێك تورە بوونێك بخواتەوەو خۆی بگرێت لە کاتێکدا بشتوانێت بەری بدات, ئەوا خوای گەورە دڵی پڕ دەکات لە رازی بوون لە رۆژی دواییدا.

وە پاداشتێکی گەورەی تر پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت:« **من كظم غيظا وهو قادر على أن ينفذه، دعاه الله عز وجل على رؤوس الخلائق يوم القيامة حتى يخيره من الحور العين ماشاء** » **رواه أبو داود** 4777 **وغيره، وحسنه في صحيح الجامع** 6518 .

واتە: هەرکەسێك تووڕە بونێك بخواتەوە لە کاتێکدا بشتوانێت بەری بدات, ئەوا خوای گەورە لە رۆژی دواییدا لە ناو هەموو دروست کراواندا بانگی دەکات تا سەرپشکی بکات کام لە حۆرییە چاو جوانەکانی دەوێت پێی ببەخشێت.

-6 **زانینی پلەی بەرزو ناوازەی پێشکەوتووی ئەو کەسەی کە خۆی دەگرێتەوە:** پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: « **ليس الشديد بالصرعة ، إنما الشديد الذي يملك نفسه عند الغضب** » **رواه أحمد** 236/2 **والحديث متفق عليه.**

واتە: بەهێزی بە زۆرانبازی نییە. بەڵکو بەهێز ئەو کەسەیە کە لە کاتی تووڕە بووندا خۆی دەگرێتەوە.

وە هەتا نەفس زیاتر هەڵچێو زیاتر بجۆشێ خۆگرتنەوەو تووڕەیی خواردنەوە پلەی زیاتر دەبێت. پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: « الصرعة كل الصرعة الذي يغضب فيشتد غضبه ويحمر وجهه ، ويقشعر شعره فيصرع غضبه » رواه الإمام أحمد 367/5 ، وحسنه في صحيح الجامع 3859

واتە: کەسی ئازاو بەهێزی تەواو ئەو کەسەیە کە تەواو تووڕە دەبێت و دەم و چاوی سوور هەڵدەگەڕێت وەمووی گرژ دەبێت, بەڵام ئەم تووڕە بوونەکەی دەدات بە زەویداو قوتی دەداتەوە.

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە رووداوێکدا لە بەردەم هاوەڵەکانیدا هەلێك دەقۆزێتەوە تا ئەمە بە جوانیو کرداری روون بکاتەوە.عن أنس « أن النبي (ﷺ) مر بقوم يصطرعون ، فقال : ماهذا ؟ قالوا : فلان الصريع ما يصارع أحدا إلا صرعه قال : أفلا أدلكم على من هو أشد منه ، رجل ظلمه رجل فكظم غيظه فغلبه وغلب شيطانه وغلب شيطان صاحبه » رواه البزار قال ابن حجر بإسناد حسن . الفتح 519/10 .

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەلای کۆمەڵە کەسێکدا تێ پەڕی کە زۆرانبازیان دەکرد, فەرمووی: ئەوە چیە؟ ووتیان: فلان زۆرانبازە کە هەرکەسێك لەگەڵیدا زۆران بگرێت دەیدات بە زەویدا, ئەویش فەرمووی: ئایا کەسێکتان پێ بڵێم لەو ئازاترو بە تواناتر بێت؟ پیاوێکە کەسێك ستەمی لێ بکات بەڵام ئەو تووڕەیی خۆی بخواتەوە بەمەش لەهەمان کاتدا سەرکەوت بەسەر کابراو شەیتانەکەی خۆیو شەیتانی ئەو کەسەی ستەمەکەی لێ دەکات.

## 7- شوێن پێ هەڵگرتنی رەوشتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە تووڕە بووندا:

وە ئەم ئاکارە لە رەوشتە بەرزەکانی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) لە کاتێکدا ئەویش پێشەنگ و رابەرمانە زۆر بەروونی لە چەندان فەرموودەدا دیارە, لەوانە:

عن أنس رضي الله عنه قال : كنت أمشي مع رسول الله (ﷺ)، وعليه برد نجراني غليظ الحاشية ، فأدركه أعرابي فجبذه بردائه جبذة شديدة ، فنظرت إلى صفحة عاتق النبي (ﷺ)« ما بين العنق والكتف » وقد أثرت بها حاشية البرد ، ثم قال : يا محمد مر لي من مال الله الذي عندك ، فالتفت إليه (ﷺ) فضحك ، ثم أمر له بعطاء متفق عليه فتح الباري 375/10 ..

واتە: ئەنەس دەفەرموێت: من لە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەرێدا دەڕۆیشتم کە پۆشاکێکی ئەستووری نەجرانی لەبەردابوو, کابرایەکی دەشتەکی گەیشت پێی بە توندی پۆشاکەکەی راتەکاند, تەماشای لا ملی پێغەمبەری خوام (ﷺ) کرد لێواری پۆشاکەکە روشاندبووی, پاشان ووتی: ئەی محمد لەو سامانەی خوا کە لەلاتە پێم بدە, ئاوڕم دایەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) بینیم پێکەنی, پاشان فەرمانی کرد کە پێی بدرێت.

وە لە شوێن پێ هەڵگرتنمان بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوەیە کە تووڕە بوونمان لەبەر خوا بێت و لەو کاتەدا بێت کە سنورەکانی خوا پێشێل بکرێت, کە ئەمە ئەو تووڕە بوونەیە کە سوپاسکراوە. چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) تووڕە بووە کاتێك هەواڵیان دایە بە پێشنوێژێك کە بە درێژ کرنەوەی قورئان خوێندی ناو نوێژەکەی خەڵك راو دەنێ. وە تووڕە بوو کاتێ لە ماڵی عائیشەدا پەردەیەکی بینی وێنەی گیانداری تێدا بوو. وە تووڕە بووە کاتێ ئوسامە هات تکا بکات بۆ ئافرەتە مەخزۆمیەکەی کە دزی کردبوو.وە فەرمووی: ئایا تکا دەکەیت لە جێبەجێ

نەکردنی سنورێکی خوای گەورە؟ وە تووڕە بوو کاتێ پرسیاری لێ دەکرا دەربارەی شتانێك کە پێی ناخۆش بووایە. وە غەیری ئەمانە,, کەواتە تووڕە بونەکانی لەبەر خواو بۆ خوا بووە.

8- زانینی ئەوەی کە تووڕەی کرتنەوە لە سیفاتی موتەقینانە:

ئەوانەی کە خوای گەورە لە کتێبەکەیداو پێغەمبەری خواش (ﷺ) لە فەرمووودەکانیدا مەدحیان کردوون، وە بەهەشتانێکیشیان بۆ ئامادەکراوە کە پانتایییەکەی بە ئەندازەی ئاسمانەکان و زەوییە, لە سیفاتەکانیان ئەوەیە کە: { ينفقون في السراء والضراء والكاظمين الغيظ والعافين عن الناس والله يحب المحسنين }

وە ئەو کەسانەی کە خوای گەورە باسی ڕەوشتە جوانانێك و سیفات و کردارێکیان دەکات کە نەفسەکان هەڵپە دەکەن بۆ گەیشتنەوە پێیان لە ئاکارو ڕەوشتەکانیان ئەوەیە کە: { إذا ما غضبوا هم يغفرون } .

9- بیرکردنەوە لە کاتی بیرخستنەوەدا : تووڕە بوون لە سروشتی نەفس و خەڵکی جیاوازن تیایدا, وە لەوانەیە قورس بێت لەسەر نەفس کە تووڕە نەبێت, بەڵام ڕاستگۆیان کاتێ تووڕە دەبن و یادی خوایان دەخرێتەوە لەو سنوورەدا دەوەستن, ئەمەش نمونەیەکە لەوان:

عن ابن عباس رضي الله عنهما أن رجلا استأذن على عمر رضي الله عنه فأذن له ، فقال له : يا ابن الخطاب والله ما تعطينا الجزل ( العطاء الكثير ) ولا تحكم بيننا بالعدل ، فغضب عمر رضي الله عنه حتى هم أن يوقع به ، فقال الحر بن قيس ، ( وكان من جلساء عمر ) : يا أمير المؤمنين إن الله عز وجل قال لنبيه، (ﷺ): { خذ العفو وأمر بالعرف وأعرض عن الجاهلين } وإن هذا من الجاهلين ، فوالله ما جاوزها عمر رضي الله عنه حين تلاها عليه ، وكان وقافا عند كتاب الله عز وجل رواه البخاري الفتح 304/4

واتە: پیاوێك داوای ئیزنی کرد تا بچێتە ژوورەوە بۆ لای عومەر ڕەزای خوای لێ بێت و ئیزن درا, پێی ووت: ئەی کوڕەکەی خەتتاب سوێند بە خوا تۆ زۆرمان پێ نابەخشیت و بە دادپەروەری حوکم ناکەیت لە نێوانماندا.
عومەریش ڕەزای خوای لێ بێت تووڕە بوو بە جۆرێ خەریك بوو هەستێت بۆی. حەری کوڕی قەیس کە لە خزمەت عومەردا دانیشتبوو فەرمووی:ئەی ئەمیری ئیمانداران خوای گەیورە بە پێغەمبەری خوای (ﷺ)فەرمووە: { خذ العفو وأمر بالعرف وأعرض عن الجاهلين } جا ئەمەش لە نەفامەکانە, جا سوێند بە خوا کاتێ ئەم ئایەتەی بۆ خوێندرایەوە لە شەێنی خۆی نەجوڵا, وە عومەر سیفاتی وابوو لە کاتی خوێندنی ئایەتەکانی قورئاندا وەستاو بوو لەسەر گوێڕایەڵی کردنی.

جا موسڵمان دەبێت ئاوا بێت, بەڵام مونافیقی پیس وا نییە ئەوەتا کاتێ یەکێك لەوان تووڕە دەبێت و فەرموودەکەی پێغەمبەری خوای (ﷺ)بیردەخەنەوەو یەکێك لە هاوەڵان پێی دەفەرموێت: پەنا بگرە بە خوا لە شەیتان, بەو هاوەڵەی ووت کە بیری خستەوە: ئایا وا دەبینی من شتێکم بێت, ئایا من شێتم؟ بڕۆ لاچۆ. رواه البخاري فتح 465/1 . پەنا ئەگرین بە خوا لە دۆڕان.

## 10- زانینی خراپیەکانی تووڕە بوون:

کە ئەمیش زۆرە کورتەکەی ئەوەیە زیان دەگەیەنێت بە نەفسی خۆی و کەسانی تریش. زوبان جوێن دەدات و قسەی ناشیرین دەدات, دەستیش دەوەشێنێت بەبێ حیساب کردن, کە دەگونجێت بگاتە کوشتن, ئەم بەسەرهاتەش پەندی تێدایە:

**عن علقمة بن وائل أن أباه رضي الله عنه حدثه قال : إني لقاعد مع النبي (ﷺ)إذ جاء رجل يقود آخر بنسعة (حبل مضفور ) فقال : يا رسول الله هذا قتل أخي . فقال رسول الله (ﷺ)، أقتلته ؟ قال : نعم قتلته . قال : كيف قتلته ؟ قال : كنت أنا وهو نختبط ( نضرب الشجر ليسقط ورقه من أجل العلف ) من شجرة ، فسبني فأغضبني فضربته بالفأس على قرنه ( جانب الرأس ) فقتلته ... إلى آخر القصة رواه مسلم في صحيحه 1307 ترتيب عبد الباقي .**

واتە: وائیلی باوکی عەلقەمە دەفەرمویێت: من لە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) دانیشتبووم کابرایەك هات یەکێکی تری بە پەتێك رادەکێشا ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەمە براکەمی کوشتووە . پێغەمبەری خوا (ﷺ)فەرمووی: ئایا کوشتووتە؟ ووتی: بەڵێ کوشتوومە. فەرمووی: چۆن کوشتت؟ ووتی: من و ئەو خەریکی لێ کردنەوەی گەڵای دار بووین بۆ بەکارهێنانی بۆ ئاڵفی ئاژەڵ قسەو جوێنی پێدام و تووڕەی کردم منیش بە خاکەناز دام بە تەنیشتی سەری‌داو کوشتم.....تا کۆتایی بەسەرهاتەکە.

جاری واش هەیە لەمە کەمتر روو دەدات و خەڵکی بریندارو زامدار دەکات. خۆ ئەگەر کابرا لە دەستی رابکات بەردەبێتە خۆی, بەوەی پۆشاکی خۆی دەدرێت و لە رومەتی خۆی دەدات و لەوانەیە ببورێتەوەو لە هۆش خۆی بچێت. وە هەروەها قاپ و قاچاغ و کەل و پەلەکان دەشکێنێت.

وە لەو شتە گەورانەی کە لە ئەنجامی تووڕە بوونەوە پەیدا دەبێت و دەبێتە هۆی نارەحەتی کۆمەڵایەتی‌و بچڕانی شیرازەی خێزان و روخانی کیانی بریتی‌یە لە تەڵاق. وە پرسیار بکە لە زۆربەی ئەوانەی خێزانەکانیان تەڵاق داوە چۆن و کەی تەڵاقتان داون, یەکسەر هەواڵت دەدەنێ بەوەی: لە چرکە ساتی تووڕە بووندا بووە.

لە ئەنجامی ئەمەشەوە منداڵی بێ سەرپەرشتی, پەشیمانی و حەسرەت, ژیانی تاڵ. هەموو ئەمانە بەهۆی تووڕە بوونەوە. خۆ ئەگەر ئەوان یادی خوایان بکردایەو بیرێکیان لە خۆیان بکردایەتەوەو تووڕە بوونەکەیان قوت بدایەتەوەو پەنایان بگرتایە بە خوا لە شەیتان ئەوە رووی نەدەدا کە رووی‌دا. بەڵام سەرپێچی کردنی شەریعەت جگە لە دۆڕان هیچی تری لێ ناکەوێتەوە.

وە لەو زیانە جەستەیانەی کە هۆیەکەی تورەو بوونە زۆر گەورەیە هەروەك پزیشکەکان باسی دەکەن وەك جەڵتەی خوێن و بەرز بوونەوەی پەستانی خوێن و زیاد بوونی لێدانەکانی دڵ و هەناسە سواری. کە ئەمەش دەبێتە هۆی دڵ وەستانێکی بکوژ یان نەخۆشی شەکرەو شتی تر. خوا بمان پارێزێت

## 11- تێڕوانینی کەسی تووڕە لە خۆی کاتی تووڕە بوون:

ئەگەر کەسی تووڕە لە کاتی تووڕە بووندا لە ئاوێنەدا تەماشای شێوەی خۆی بکات, ئەگەر سەرنجێك بدات لە تێك چونی ڕەنگ و لەرزینی ئەندامەکانیو گۆڕانی شێوەیو سوور بوونەوەی دەم و چاویو دەرپەڕینی چاوەکانیو لە شێرازە دەرچوونی کردارەکانی کە وەك شێتی لێ هاتووە ئەوا خۆی بە نامۆ دێتە پێش چاوو خۆی ناناسێتەوەو قێز لە ڕووالەتی دەکاتەوە کە بێ گومان ناشیرینی ناوەوە زیاترە وەك لە ناشیرینی ڕووالەتی لەو کاتەدا. جا ئاخۆ ئەبێت شەیتان چەند خۆشحاڵ بێت بە کەسێك کە ئەمە حاڵی بێت! پەنا ئەگرین بە خوای گەورە لە شەیتان و دۆڕان.

## پاڕانەوە

ئەمە چەکی ئیمانداره کە هەردەم داوا لە خوای پەروەردگاری دەکات کە لە خراپەکان و بەلاٌو ڕەوشتە ناشیرینەکان بیپارێزێت. وە پەنا دەگرێت بە خوا لەوەی کە بکەوێتە تیاچوونی بێ بڕوایی یان ستەمەوە بە هۆی تووڕە بوونەوە, چونکە لەو سیانە ڕزگارکەرانە بریتییە لە: دادپەروەری لە کاتی ڕازی بوونی ئارامییو کاتی تووڕە بووندا, جا لە پاڕانەوەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ)ئەمە بووە: « **اللهم بعلمك الغيب وقدرتك على الخلق أحيني ما علمت الحياة خيرا لي ، وتوفني إذا علمت الوفاة خيرا لي ، اللهم وأسألك خشيتك في الغيب والشهادة ، وأسألك كلمة الإخلاص في الرضا والغضب ، وأسألك القصد في الفقر والغنى وأسألك نعيما لا ينفد ، وقرة عين لا تنقطع ، وأسألك الرضا بعد القضاء ، وأسألك برد العيش بعد الموت ، أسألك لذة النظر إلى وجهك والشوق إلى لقائك ، في غير ضراء مضر ة ولا فتنة مضلة الله زينا بزينة الإيمان واجعلنا هداة مهتدين .** » صحيح الجامع 3039

**والحمد لله رب العالمين .**

www.vazhin.tk

**وەرگێڕانی/حەمزە بەرزنجی**